ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**خوێندنەوەی پەیامەکانی یاهوو لە Outlook.**

نووسەر: Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

پرۆگرامی Outlook Express بە شێوەیەکی ئاسایی پشتیوانی ڕاستەوخۆ و تەواوی هەیە بۆ داگرتن و ناردنی پەیام لە/بۆ هۆتمایلەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا دەتوانرێ بە باکربردنی پرۆگرامی یاریدەر Outlook Express ڕێکبخرێ بۆ خوێندنەوە و ناردنی پەیامەکانی دیکەی وەک یاهوو.

لەم بابەتەدا چۆنیەتی وەرگرتن و ناردنی پەیامەکانی یاهوو لە Outlook Express شیدەکەمەوە.

بۆ مەبەستی خوێندنەوەی پەیامەکانی یاهوو پێویست بەوە دەکات پرۆگرامی YPOPs دابگریت و پاشانیش دایبەمزرێنیت.

دەتوانی لەم بەستەرەوە نوێترین وەشانی YPOPs دابگریت.

یان لێرە ڕاژەکاری نزیک لە خۆتەوە کرتە بکە و پرۆگرامەکە دابگرە.

پاش داگرتن وەک هەر پرۆگرامێکی دیکەی ئاسایی دایبمەزرێنە.

پاش تەواوبوونی دامەزراندن بیکەوە، ڕاستەوخۆ دەچێتە تەنیشت کاتژمێری کۆمپیوتەرەوە، بەلای ڕاستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەکی لێ بکە و پاشان Configure کرتە بکە.

لە ژێر بەشی Advanced Prefrences کرتە بکە خاڵی Network،




دڵنیا بە کە Enable SMTP چالاکە، گەر چالاک نەبوو چالاکی بکە. پاشان 25 وەک پۆرتی بەکاربردن هەڵبژێرە. چوونکە ڕاژەکاری SMTP بەشێوەیەکی ئاسایی پۆرتی 25 بەکار دەبات.

پاش ئەو هەڵبژاردنانە OK کرتە بکە و پەنجەرەی YPOPs دابخە.

پرۆگرامی Outlook Express بکە، لە لیستەی Tools دا Accounts کرتە بکە، پێویست دەکات زانیاری پێویستی پۆستە ئەلەکترۆنیەکەت لە یاهوو تۆمار بکەیت لە Outlook Express دا.




کرتە بکە لە Add و پاسان Mail.




دواتر ناوێک بنووسە بۆ ئەو Accountـە، بۆ نموونە All4Kurds یان ناوی خۆت.
Next کرتە بکە.




لە هەنگاوی داتردا پۆستی ئەلەکترۆنی خۆت بنووسە واتە ئەو پۆستە ئەلەکرۆنیەی کە لە Yahoo هەتە.
جارێکی دیکە Next کرتە بکە.




بۆ Incaming Mail Server ئەبێ POP3 هەڵبژێری.

بۆ Incaming Mial بنووسه، 127.0.01.
بۆ Outgoing Mail بنووسه، 127.0.01.
بۆ بەردەوامبوون Next کرتە بکە.




لە خانەی Account Name هیچ گۆڕانکاریەک جێبەجێ مەکە!.
لە خانەی بەرانبەر Password دا وشەی تێپەڕبوونی تایبەت بە پۆستە ئەلەکترۆنیەکەت بنووسە، گەر دەتەوێ ئەو وشەیە پاشەکەوت ببێت و جارێکی دیکە پێویست بو نووسینەوەی نەکات دەتوانی Remember Password چالاک بکەیت، لە کۆتایی ئەو هەنگاوەدا Next کرتە بکە.
بۆ کۆتایی هێنان بە تۆمارکردنی ئەو پۆستە ئەلەکترۆنیە لە Outlook Express دا Finish کرتە بکە.
بۆ دڵنیا بوون لەوەی کە هەموو زانیاریەکان و بەتایبەت زانیاری Incomnig و Outgoing Mail Server هەڵەی تێدا نیە، لە هەمان پەنجەرەی Account ـەکاندا، ئەو Account ـەی کە دروستت کرد، شینی بکە.




پاشان Properties کرتە بکە.




لە ژێر بەشی Servers دا دڵنیا بە کە وەک وێنەی سەرەوەیە.
لە هەموو ئەو پەنجەرانە OK کرتە بکە و بڕۆ دەرەوە، پاسان لە پرۆگرامی Outlook Express دا کرتەیەک بکە سەر Send/Recv.




چاوەڕوانبە بۆ پەیوەیندی کردن بە ڕاژەکارەوە، پاش پەیوەندی کرد دەبینی کە دەست دەکات بە داگرتنی پەیامەکانت.




بەو شێوەیە دەتوانی پەیامەکانی یاهوو لە Outlook Express بخوێنیتەوە.

تێبینیەکی زۆر گرنگ> بۆ ئەوەی بە بێ کێشە بەردەوام بیت و بتوانی پەیامەکانی یاهوو لە Outlook Express بخوێنیتەوە، پێویست دەکات هەموو کات نوێترین وەشانی YPOPs ـت هەبێت.

کۆتایی.

Nov 2005 03

**Dentist in Poland**
Professional Dental Care in Poland Implants, Crowns, Bridges, Veneers

**Tighten Sagging Skin**
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google